# دەستوری بێ کەرکوکمان ناوێت ؟!

ئاسۆعەبدوللەتیف

حەقی خۆمانە تەواو بەگومان بین لەو هەڵس وکەوت و هەڵوێستە پاسیڤانەی ئیبراهیم جەعفەری سەرەك وەزیرانی عیراق، ئەمە ئەو ترسە ئۆرگانیزەکراوەی ئێمەی تاکی کوردییە کە بەردەوام ئەیڵێینەوەودەسەلاتی کوردیش بەخاتری پۆستە چەورەکانی بەغداد چاوپۆشی لێئەکەن و گەر دەربرین و رەخنەیەکی رۆژنامەنوسیانەشمان هەبێت ئەوا بە نوسەری ناواقعی ناومان ئەبەن، دەشێت هەر ئەم گومانەش دواجار روانینێکی تازەمان پێبدات بۆ سەرلەنوێ روانینەوەمان بەعیراقداو چاوخشاندنەوە بەو پرۆتۆکۆل و هاوپەیمانێتیەی کە هەمانە لەگەڵ هاوپەیمانی شیعەکاندا کە سەرکردە سیاسیەکانمان بەتایبەتی یەکێتی و پارتی زۆر هەڵیاندا بەشان و باڵیدا بێئەوەی دەسکەوتێکی لێ بچننەوە،ئەگەرچی سادەترین هونەری دیبلۆماسیەت و موجامەلەی بەرانبەریش چنینەوەی دەستکەوت و قازانجە بەڵام دیارە قازانجە کەسی و کاتیەکان ئەوەندە زۆرن قازانجە نەتەوەییەکانیان بۆ کردۆتە قوربانی!

ناکرێت کوردو دەسەڵاتەکەی لەم دەورانی دەستورنوسینەدا شادەماری خۆی لەبیر بکات و بیخاتە پاش نوسینەوەی دەستورەوە کە ئەویش پرسی کەرکوك و مادەی 58 لەیاسای کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتە، گەر بەدەربرینێکی سادە بڵێین بە عەرەبە بەناو قوربانیدەرەکانی دوێنێی ئەوروپاو تاران و مەغرورەکانی ئێستای بەغداد ئەوا کەرکوك خۆی دەستورێکی مێژوویی نوسراوەو ئەسالەت و شوناسەکەشی کورستانیەو کوردیش سەدان ساڵە لەو شارە ئەژی و سەدان شەهیدیشی بۆ داوەو راشناوەستێ لە شەهیدی دیکە، بەڵام شۆڤێنیەکی عەرەبم پێ بڵێن خۆی بەکوشت دابێت بۆ کەرکوك؟!

مادەی 58 تاوەکو ئێستا کاری پێنەکراوەو رەوشی کەرکوك وەکو خۆی ماوەتەوەو زیانێکی رۆحی و مەعنەوی زۆریشی داوە لە تاکی کوردی لەو شارەو لە تەواوی کوردستاندا، وە ئەم زیانە بەرەو فراوانبوون ئەچێت گەر چاوەروانی نوسینەوەی دەستور بکەین، لەکاتێکدا ئەبینین بەرەیەکی شۆڤێنی ناسیۆنال مەزهەب ناخوازن کورد وەکو پێویست سود لەو ئازادی و دیموکراسیەتە وەربگرێ و کوردو دەسەلاتەکەشی هەر خەریکی دبلۆماسیەت و موجامەلەوشاندادانەوەیە بێئەوەی بزانێت هێشتا سێبەرێکی ترسناك ماوەوهەرەشە لە بوونی کورد ئەکات،

نیگەرانیەکانی کورد لەوەوە سەرچاوە ئەگرێت کە تاوەکو ئێستا دیسکۆرس / گوتارێکی جەریئانەمان نییە کە بتوانێت روبەروی ئەو دۆخە دژوارە بوەستێت کە کەرکوکی تێدایە، ئەمە ئەرکێکە پێش هەر کەس و لایەنێك پەیوەستە بەو فراکسیۆنە پەرلەمانتاریە لاوازو کەمخوێنەی کورد کە ئەوەندە غائیب و ناچالاکن مرۆڤی کورد شەرم دای ئەگرێت کە دەنگی خۆیان پێ بەخشیوە، نیگەرانیەك ئەتوانێت ڕامانبگرێت لە ئاست دادگاییکردنێکی ویژدانی بۆ ئەو کەسانەی کە متمانەی ئەو خەڵکەیان وەرگرت و نەیانتوانی وڵامدەرەوەیەکی پۆزەتیفی داوا رەواکانیان بن.

ئەبێت بزانین پەرلەمان شوێنی موجامەلات و دەستکەوت کۆکردنەوەو ئیمتیازات نیە ئەوەندەی مەیدانی جەنگی حیوارەکانە وەك دەزگایەکی یەکلاکەرەوەی چارەنوسساز بۆ کورد، وە مەیدانی دەستخستنەوەی ئەو مافانەیە کە تائێستاش جەنگی ئەوێت بۆ لێسەندنەوەی و بەداخەوە جەنگاوەرەکانمان تائێستا لە ئاستی ئەو ململانێیەدانین و رازیش نابن بچوکترین رەخنەیان لێبگیرێت،ئەگەر ئەوترێت باشە تاکەی ئەوان بێدەنگن لە ئاست ئەو تاوانانەی کە بەرانبەر رۆڵەکانی کورد ئەکرێت لەکەرکوك ئاخۆ وەڵامیان چی بێت؟ ئەی کام پرۆژەی دەستوریان رەشنوسکرد تا لە هۆڵی پەرلەمان بیخەنە بەردەم عەرەبە شۆڤێنیەکان بۆ کێشانی سنورە مێژووییەکەی نیشتیمانی کورد؟ ئەی بۆ کەرکوك چیانکردو کام دەنگیان هەڵبری؟ کەرکوکێك نیگەران ئەبیت بەشەقام و کۆڵانەکانی و توشی کارەسات ئەبیت گەر خوانەکردە رێت هەڵەکردو سەرت کرد بەگەرەکێکی بەزۆر نیشتەنی عەرەبی بەعسیدا ؟ ئەی کارەسات نییە تا ئێستاش

نەوت و بەنزین لەم شارەدا لە قەیراندایەودەبەیەکی بەنزین  بە (10) هەزاری تازەیە؟ ئەم رەوشە ئەگەرچی ریشاڵێکی کۆنی هەیە لیّ هاندەری تازەشی هەیەوهەوڵێکە بۆ بێئومێدکردنی حیزبی کوردی تا رای بهێنن لەسەر ئەو خەموبەخشکەیی بیخەنەوە ناو دەستورێکی وشکەڵاتوو کە هەرچی خێرو بێرو سامانێك هەیبێت بۆ ماکینەی جەنگی و جبەخانەو هەیکەلی تازە دیکتاتۆری عیراقی ستەمکار سەرف بکرێت بەڵام دەشێت ئەم ستەمکاریە مەزهەبی و مۆدێرن بیّ و جیابیّ لەوەی سەدام ، پۆستی گەورەی وەکو سەرۆك کۆماری و خاریجیشمان بدەنیّ و بێرێزیشمان لە دژ بکەن و لە ژێرەوە بشدەن لە باڵمان ومافمان پێشێل بکەن،
ئەبیّ دەرك بەوە بکەین کەرکوك نەبێت کورد نە هیچی دەستکەوتوەو نە هیچیشی دەست ئەکەوێت وە کۆی پۆستە حەساسەکانیشمان ئەخاتە ژێر پرسیار و ئەیانکاتە پۆستی کارتۆنی،وە تا حکومەتی ئێستا شۆرنەبێتەوە بۆ ژیانی کەرکوکیەکان و رانەوەستیّ لە ئاست ئەو هەموو ناعەدالەتی و پاکتاوە ئیتنی و رەگەزی و بەعەرەبکردن و راگواستنە زۆرە ملێیانە، ئەوا مانایەك نامێنێتەوە بۆ کورد تا دانوستان بکات و دابنیشێت لەسەر مێزی عەرەبەکان بۆ نوسینەوەی دەستوور، ئەبێت بزانین ئایا بۆچی بەردەوام دەوڵەت و حکومەتی نویّ هەوڵی ئاسایی بونەوەی کەرکوك بۆ دۆخە ئاساییەکەی خۆی دوا ئەخات و تەئجیلی ئەکات؟ بێگومان ئەزانێت بەم تەئجیلکردنە گوتارێك لاواز ئەکات و دۆزی کوردیش لەم شارەدا ئەخاتە حاڵەتێکی دژوارترەوە و دوبارە ئەخوازێت کێشەی شەرعیەت و خاوەندارێتی بۆ ئەم شارە بخوڵقێنێتەوە و ئازارەکانی درێژ بکاتەوە، ئەمەش بێگومان گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبە کە تاهەنووکە گۆرانی بەسەردانەهاتووەو هەمان قەوانی سەردەمی بەعسە، بۆیە پێویست ئەکات فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردی لە بەغداو سەرکردایەتی سیاسی کوردی هەڵوێستی توند وەربگرێت ئەگەر بە یاخیبونێکی مەدەنیانەش بێت؟ تا هیچ نەبێت بزانرێت کورد رازی نابێت کەرکوك بەو ئازارەوە بمێنێتەوەو تەنها شەرعیەتیش بۆ لابردنی ئەو ئازارو کوشت و کوشتارەی کەرکوك گەرانەوەیە بۆ قانونی بەرێوەبردنی دەوڵەت کە بە رێککەوتنی هەمووولایەك نوسراوەو تاکە بەڵگەنامەی یاساییشە کە تا ئێستا کاری پیّ بکرێت،
وەئێمەی کوردیش گرنگە کار لە سەر دووبارە ئەجێندای نەتەوەیی بکەینەوەو هەر پرسێکی وەکو هێنانەوەی کەرکوك بۆباوەشی فیدراڵیەتی هەرێم و جێبەجێکردنی برگەی پەنجاوهەشت بکەینە رۆژەڤ ، پاشان داخڵی نوسینەوەی دەستوورر بین و لەدەستوریشدا گرنگترین شت کە سازش هەڵناگرێت ئەوەیە کە ئێمە جوگرافیاو سنوری ئەم هەرێمە بکەینە رەسمی و پرۆتۆکۆلی نوسراو چونکەچاوەرێکردن بۆ بەڵێنە زارەکیەکان و پەشیمانبونەوە لێی لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان لە سەردەمی مەلەکییەوە تا ئێستای مەزهەبی! مێژوویەکی تولانی و تاڵی هەیەو بریتیە لە زنجیرەیەك پەشیمانبونەوەو دووبارە بەڵێندانەوە بەبیّ ئەوەی بیرمان لەوە کردبێتەوە کە ئەو مافانەی کە بەزار پێمان ئەدرێت بیخەینە چوارچێوەی دێرونوسراوە قانونیەکان و لایەنی نێودەوڵەتیش ئاگادار بکرێتەوە.
دەکرێت بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتەکەی جەعفەری باشتر حیکمەت بەکاربهێنێت و رابردوی خۆیان بێنێتەوە پێش چاو کە چۆن بەدەست رژێمی پێشووەوە سوکایەتی و کارەسات و تراژیدیایان بەسەر هات، ناکرێت ئەو رابردوە لەبیر بکریّ و کورد بخاتە خانەی لەبیر چوون بۆیە کەرکوك شارێکە سازش هەڵناگرێت.